**حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا توێژینەوەی زانستی**

**زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر**

**کۆلێژی پەروەردە**

# (( پێگەی ئافرەت لە شیعری هاوچەرخدا ))

پرۆژەیەکی توێژینەوەی دەرچوون پێشکەش بە

بەشی زمان و ئەدەبی کوردی کراوە

**ئامادەکراوە لەلایەن:-**

ساراخاتون سعدی قادر

**بەسەرپەرشتی مامۆستا**

م . کەمال محەمەد ئۆمەر

٢٠٢٣ – ٢٠٢٤

## سوپاس و پێزانین :-

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان .....

سەرەتا سوپاس و پێزانین بۆ خودای گەورە و مەزن سوپاس بۆ دایک و باوکم کە تائێستا لەگەڵمن منیان گەیاندە ئێرە وە پشتیوانم بوونە وە سوپاس بۆ ئەوانەی کەوا یارمەتی دەرم بوونە لەم توێژنەوەیە .

وە سوپاس بۆ کۆلێژی پەروەردی زمانی کوردی کە دەرفەتیان پێداوم بەردەوام بم. هەروەها سوپاس و پیزانینی دڵسۆزانەم بۆ سەرپەرشتیاری بەرێز ( م. کەمال محەمەد ئۆمەر) بۆ هاوکاری کردن و رینمایی گرنگ سەبارەت بە توێژینەوەکەم وە هاندان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و دەرونیم لەماوەی کاری ئەم توێژینەوە . توێژەر ( ساراخاتون سعدی قادر )

**پێشکەشە بە :-**

ئەم باسی دەرچوونەم کە بەناونیشانی ( پێگەی ئافرەت لە شیعری هاوچەرخدا) کە بەسەرپەرشتی من پێشکەشە بە بەشی زمانی کوردی / کۆلێژی پەروەردە / زانکۆی سەلاحەدین کراوە، کە بەشێکە لە پێویستیەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی .

واژوو

سەپەرشتیار : م کەمال محەمەد ئۆمەر

ریکەوت:      /      / ٢٠٢٤

**بڕیاری سەرۆک بەشی زمانی کوردی :-**

بەپێی پێشنیاری سەرپەرشتیاری خوێندکار ئەم توێژینەوەیە پێشکەش بە لێژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژوو

سەپەرشتیار : م کەمال محەمەد ئۆمەر

ریکەوت:       /       / ٢٠٢٤

**بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن:-**

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆی توێژینەوە ( پێگەی ئافرەت لە شیعری هاوچەرخدا) خوێندنەوەیە لەگەڵ فیرخواز ( ساراخاتوون سعدی قادر) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆک و لایەنەکانی توێژینەوەکە کرد پێمان وایە شایەنی پەسند کردنە بە پلەی (            )

واژوو

سەپەرشتیار : م کەمال محەمەد ئۆمەر

ریکەوت:      /      / ٢٠٢٤

## بەشی یەکەم

### ١-١ پێشەکی

بە درێژایی هەزاران ساڵ ئافرەت هیچ پلەوپایەکی بنەرەتی و هەمیشەیی نەبوو، ئافرەت سەرچاوەی ژیانە ، ئازادی و پێشکەوتنی هەرمیلەت و نیشتمانێک بەستراوە بە ئازادی پێشکەوتنی ئافرەتەوە، ئافرەت واتا مرۆڤ ، دایک ، هاوژین ، خوشک ، هاورێ ، دیوێکی تری بەردەوام بوونی ژیانی مرۆڤایەتیە بەشێوازە دروستەکەی ، بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی ستەمی کۆمەڵگاو رەگەزی بەرامبەر ئافرەت سەرکۆنە و سەرکوت دەکرێ، بەپێی روونکردنەوەی نوسراوی پیاوان خواوەند ئەی بۆ خۆشگوزەرانی پیاوان دروستکردووە کەچی پیاوان لەخۆشی بێ بەشیان دەکەن ئەم بێبەشکردنەش لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر لە کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکی تر لە ولاتێک بۆ ولاتێکی تر گواستراونەتەوە، لەسەروو هەموو ئەوانە کۆمەڵێک داب و نەریت لەکۆمەڵگاکان بەتایبەت لەکۆمەڵگای کوردی بوونەتە کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم گەشەی ژیانیان دا، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین دیسانەوە ئەوانەی باسمان کرد ناتوانن رێ لەپێشکەوتنی ئافرەت بگرن بەتەواوەتی و ئەگەر وتی ئافرەتی لەسەرپێ و ئیرادەی ئافرەت بەهێزبێ. شیعری هاوچەرخی کوردی وەک میدیایەکی بەهێز بۆ دەربرینی واقیعە توانستیەکانی ژیانی ژنان لەکۆمەڵگەی کوردیدا کاردەکات شاعیرانی هاوچرخ گرینگی و بایەخ بە مەسەلەی ئافرەت دەدەی لە دایکایەتی وە خەباتی دژی چەوسانەوە.

### ١-٢ هۆی هەڵبژاردن

من وەک ئافرەتێک بەباشم زانی باسی مەسەلەی ئافرەت بکەم لەسەرەتاوە وە چۆن گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئێستا لەبەر ئەوەی ئافرەت زۆر دەردەسەری بینیوە شایەنی باسن و لێکۆڵینەوەیە وە گرنگی پێدانە وە کردنە نموونە بۆ ژیانی خۆمان وە حەزم کرد وەک ئافرەتێک باس لە ژن بوون بکەم ئەوەندەی لە توانامدایە لیی بدوێم .

### ١-٣ رێبازی لێکۆڵینەوە

رێبازی ئەم لێکۆڵینەوەیە رێبازێکی وەسفی یە کە بەشێوەیەکی وەسفی ئەم بابەتە شی دەکەینەوە بە شێوەی خەملاندن دیاریکردنی یاسا گشتیەکان لەریگەی ئەو زانیاریانەی بەدەستمان هەیە و گەیشتووە کە تەنها کە تەنها خستنە رووە نەک بریاردان.

### ١-٤ ئامانجی لێکۆڵینەوە

ئامانجی لێکۆڵینەوە لەسەر ژن لە شیعری هاوچەرخ کوردی فرەلایەنە بەپلەی یەکەم هەوڵ دەدات ئەزمون و روانگە و رۆڵی هەمەچەشنی ژنان لەناو کۆمەڵگای کوردیدا وەک ئەوەی لە شیعری وێناکراوە رۆشن بکات کە بریتیە لە شیکردنەوە و چۆنیەتی نوێنەرایەتی ژنانی کورد وە چۆنیەتی بەرانگاربونەوەی کۆمەڵگای پیاو سالاری جگەلەمەش ئامانجی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە لەبەرچاوگرتنی فاکتەرەکانی وەک رووداوە مێژوویەکانە وە نەریتەکلتوریەکان، چۆنیەتی زاڵ بوونی ژنان بەسەرکۆسپی کۆمەڵگا. وە لیکۆڵینەوە لەسەر شیعری هاوچەدرخی کوردی خزمەت بە گەورەکردن دەنگی خودی ژنە شاعیرانی کورد دەکات وە بەرچاوروونی بۆ ئافرەتانی ئێستا تا ئەم ئازادیەی کە بەخەبات دەستان کەوتوە بەهەلی نەزانن بۆ هیچ شتی تر کار لەسەر ئەو دەست کەوتە بکەن بەباشی.

### ١-٥ گرنگی لێکۆڵینەوە

دەتوانین بایەخی گرنگی ئەم لێکۆڵینەوە و ژن بکەین بە دوولایەن بە ( ئەرینی و نەرێنی ) لە کۆمەڵگاو خێزان و سەدەکاندا .

لایەنی نەرێنی:. بێگومان گەر لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئافرەت بکەین بیربکەینەوە چۆن گەیشتۆتە ئەوئاستەی ئێستای ئەوا بە ئاسانی نەبووە ئافرەت بەزۆر نەهامەتی تێپەڕیوەزۆر ناخۆشی چەشتووە زوڵم و زۆرداری زۆری بینیوە یەکەم سەیرکردن، وەک ئامێری منداڵ بوون و پرکردنەوەی غەریزەی پیاوان بێ گوێدان بە هەستی و خۆشەویستی رێگری کردن لە خۆشی ژیان و خوێندن بە مسۆگەرکردنی داهاتووی و کارکردن بەهۆی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دووبارە و سێبارە ئەوشتانەمان بیردێتەوە.

لایەنی ئەرێنی :. سەرەرای هەموو ئەوشتانەی کە بەسەر ژنان داهاتووە ئەوەی جێگەی دڵخۆشیە و ریزلێنانە ئەوەیە کەوا ژن دەستبەردار نەبوونە لەمافەکانی لە ژیان و کۆمەڵگا تێکۆشاون تا گەیشتونەتە ئەوشتەی دەیانویست گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەش بەدەردەکەوێ لەوەی کەوا ژنان ئازایانە و کاریان کرد بۆ خۆشگوزەرانی خۆیان لە کۆمەڵگا.

### ١-٦ گرفتی لێکۆڵینەوە

هیچ لێکۆڵینەوەیەک نیە بێ کێشەو گرفت، ئەم لێکۆڵینەوەیەش بەدەر نیە لە گرفت و کێشە ئەم بابەتەش بێ کەم و کوڕی نیە ئەوەندەی لە توانام دا بێ و بەپێی توانای خۆم هەولم داوە بابەتەکە بخەمەڕوو، لە فراوانی ناونیشان کێشەمان بۆ دروست بوو بۆیە بە ڕاو ڕاوێژی مامۆستاو بەشم هەڵساین بە تەسک کردنەوەی بۆ کۆکردنەوەی ( پیگەی ئافرەت لە شیعر و هاوچەرخی کوردیدا بە نمونەی شعری شێرکۆ بێکەس و قوبدای جەلیزادە)

**١-٧ پلان**

((پێگەی ئافرەت لە شیعری هاوچەرخدا))

بەشی یەکەم

**١-١ پێشەکی**

**١-٢ هۆی  هەڵبژاردن**

**١-٣ رێبازی لێکۆڵینەوە**

**١-٤ ئامانجی لێکۆڵینەوە**

**١-٥ گرنگی لێکۆڵینەوە**

**١-٦ گرفتی لێکۆڵینەوە**

**١-٧ پلان**

**بەشی دووەم**

**چەمک و پێناسەی ئافرەت**

**٢-١ پێگەی ئافرەت لە ئاینی ئیسلامدا**

**٢-٢ پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا**

**٢-٣ پیگەی ئافرەت لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا.**

**بەشی سێیەم**

**٣-١ پێگەی ئافرەت لەلای قوبادی جەلیزادە**

**٣-٢ پێگەی ئافرەت لەلای شێرکۆ بێکەس**

**ئەنجام**

**سەرچاوە**

## ناوەرۆک


**سوپاس و پێزانین ........................................................... ١**

**پێشکەشە بە ................................................................ ٢**

**بریاری سەرۆک بەش ....................................................... ٣**

**بڕیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە ................................................ ٤**

**بەشی یەکەم**

**١-١ پێشەکی ............................................................... ٥**

**١-٢ هۆی هەڵبژاردن ....................................................... ٦**

**١-٣ ڕێبازی لێکۆڵینەوە .................................................... ٦**

**١-٤ ئامانجی لێکۆڵینەوە ................................................... ٦**

**١-٥ گرنگی لێکۆڵینەوە ..................................................... ٧**

**١-٦ گرفتی لێکۆڵینەوە ...................................................... ٧**

**١-٧ پلان ........................................................................ ٨**

**بەشی دووەم / چەمک و پیناسەی ئافرەت**

**٢-١ پێگەی ئافرەت لە ئاینی ئیسلامدا ........................................ ١١ — ١٣**

**٢-٢ پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگا**

**٢-٢-١ پێگەی ئافرەت وەک دایک ............................................ ١٤ — ١٥**

**٢-٢-٢ پێگەی ئافرەت وەک هاوسەر و هاوژین ............................... ١٦**

**٢-٢-٣ پیگەی ئافرەت وەک خوشک .............................................. ١٧**

**٣-٣ پێگەی ئافرەت لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ......................... ١٨ - ٢٠**

**٣-١ پێگەی ئافرەت لە روانگەی قوبادی جەلیزادە .......................... ٢١ - ٢٤**

**٣-٢ پێگەی ئافرەت لەلای شێرکۆ بێکەس ................................... ٢٥ - ٣١**

**ئەنجام.......................................................................... ٣٢**

**سەرچاوە ....................................................................... ٣٣**

## چەمک و پێناسەی ئافرەت

– چەمکی ئافرەت : – هەندێ کەس هەروا دەڵێن کە وشەی (ئافرەت ) ی کوردی لە (ئافرۆدیت) هاتووە یان هەندیکی تر لە عفرتیە و لە عەورەتەوە هاتووە مامۆستا هێمن لە توێژینەوەک دەڵێ ئافرەت هەر لە عەورەتەوە هاتووە ، بەڵام بەپێی فەرهەنگی ئەڵمانی بارنۆلۆمە وشەی ئافرەتی بەدوومانای جیاوازدێت لەلایەک anwunscheu و segen یانی بەفەر زانین و ئافەرین گوتن دێت هەر چۆنێک بێ هەر وشەیەک کە هاتە نێو هەرزمانێک دەبێتە موڵکی ئەو زمانە (هادی محەمەدی)

- ئافرەت سەچاوەی ژیانە ، ئازادی و پیشکەوتنی هەر میلەتێک بەستراوەتەوە بە ئازادی پێشکەوتنی ئافرەت ، ئافرەت واتا مرۆڤ ، دایک ، خوشک ، هاوسەر ، هاورێ ، دیوێکی تری بە واتای بەردەوام بوونی ژیانی مرۆڤایەتی ، ئافرەت بە هەموو رۆڵێک لە ژیانکردن بەشداری دەکات و لە هەر رۆڵێکی کاریگەری خۆی و شوێن پەنجەی دیارە و کاری خۆی بەو پەری باشی ئەنجام دەدات باشترین و قورسترین پلەی هەیە لە کۆمەڵگاکە :دایکە: وە : هاوژینە: کەوا ژن پلەی باڵای و باشی دەگێرێ لێی

گەر لە چەند کەسێکەوە پیناسەی ئافرەت دەگرین

- شکسپیر : ئەی بێهێز کە ناوت ئافرەتە .........

- ڤۆڵتێر : ئافرەت هەلەیەکی سروشتە دروست کراوە بۆ داخوازیەکانی پیاو .......

- ناپلیۆن : ئافرەت بێ پیاو کێڵگەیەکی بێ تۆوە ......

- دانتی : ئافرەت خەیاڵ وەک یاکن هەردووکیان بێ مانان

- پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) باشترینتان ئەو کەسەن کە چاکە لەگەڵ ئافرەتان دەکەن من چاکە لەگەڵ خێزانەکانم دەکەم

### ١-٢ پێگەی ئافرەت لە ئاینی ئیسلام دا :-

ئیسلام ئاینی حەقە کۆماڵێک خەلک و گەل و هۆز و نەتەوە لەسەری دەرۆین و بروامان پێیەتی لەهەموو ئەو شتانەی لەناو قورئان و لە ژیانی پێغەمبەری نازدارمان دا هەیە داوامان لێدەکرێ ئەوە دەکەین بێگومان لە ئاستێکی واگەورە بۆیە پێویستە لە هار کێشەیەکی ژیانمان پەنابەرینە دینیەکان و کە ورد و درشتن باسی هەموو شتێک کراوە کەوا چۆن هەڵس و کەوت بکەین لەگەڵی بێگومان ئافرەتیش باس کراوە.

مەسەلەی ئافرەت لە ئاینی ئیسلامدا بایەخ و گرنگیەکی زۆری پێدراوە لەهەر رویەک باسی بکەین لە قورئانی پیرۆز دا سورەتێکی گەورە و فراوان لەسەر باسی ئافرەت دابەزیوە خوداو پێغەمبەرەکەشی گرینگی زۆر بەمەسەلەی ئافرەت دەدەن بەرێز و شکۆداری دەکەن هەندێک کەس و لایەن بە ناشرین کردن و بەهەڵە تەفسیر و بیرکردنەوەکان دەگۆڕن مانای ئەیەتە پیرۆزەکان و حەدیسە جواناکان دەگۆڕن و لەبەرژەوەندی خۆیان هەڵدەستن بە شێوەیەکی ناشرین ئاینی ئیسلام لێکدەدەنەوە کە هیچیان وانین تەنها ئەوەی ئیسلامە لە جوانی و پاکی ئیسلام تەدەگات ئێستاش باسی پێگەی ئافرەت دەکەین لە ئیسلام .

لە ئیسلام گرنگی ژن زۆرە و بایەخی پێدراوە هەر وەک پیاو پیاوی بە گرنگتر دانەناوە لە هیچ شتێک تەنها وەک ئەرک ماف جیاوازیان هەیە (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى) سورەتی العجرات: ١٣ ) یەکێک لە ئایەتەکانی قورئان وە بەلگەی ئەوەی کەوا ئافرەت و پیاو یەکسانن لای خوای گەورە کەوا دەلێ ئەی خەڵکینە ئێوەمان دروست کردووە لە نێر و مێ ، ناویان پێکەوە هاتووە : لەگەڵ یەک ناویان هاتووە کەواتە هیچیان فەرزتر نین لەوەی تریان وە لە قورئانی پیرۆز سورەتێکی گەورە و زۆر بەناوی ( النساء ) هەیە کە تەوەری زۆری ئەم سورەتە باس لە بابەتە پەیوەندی دارەکانی ژنان و خێزان دەکات وە ئەوشتانەی پەیوەستە بە ژنان لەمەسەلەی میرات دا خودای گەورە دەفەرموێ (وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبْنَ ) بەهەمان شێوە ئافرەتانیش دوای مردنی دایک و باوکیان بەشیان لە میراتی بەجێماو هەیە کەلەسەردەمی نەفامیەتدا بەشی ئافرەت نەدەدرا وە بێ بەش دەکرا کە بەراستی دژی ویستی خودای گەورەیە خودای گەورە باشیانی جێگیر کردووە کەنابێ بێ بەشیان بکەن گرنگی ئەم ئایەتە لەوەیە ئەوەی ئیسلام بێ و پەیرەوی دین بکات دەترسێ لەوەی مافی خوشکی یان ژنی نەدات لەبەر ئەوەی لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێ لە خودای گەورە وە بێگومان بەندەکانی دەترسن و ئەوەی خودا دەیلێ جێ بەجێ دەکرێ خوا خۆی زانا و دانایە . لەبابەتی ئەندازەی بەشی میرات بۆ ئافرەت لە قورئانی پیرۆزدا بەشەکەی دیاریکراوە (لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ ۚ فَإِن كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ ) ( سورەتی نیسا : 11 ) مانای ئەم ئایەتە ( کور دووبەشی میرات ئەبات و کچ بەشێک زۆرێک لە دژایەتی کەرانی ئیسلام ئەمە بە سوکایەتی کردن بە ژنان دادەنێت بەڵام

دادپەروەرترین و عدالەت ترین هەر خودای گەورەیە بێگومان لە ئاینی ئیسلام باش ئەوە دەزانین کە ئەرکی دانانی ماڵ و پەیداکردنی بژێوی مارەیی ژن هێنان و ئەوانە هەمووی ئەرکی پیاوانە هیچ یەک لەمانە ئەرکی ژن نیە بۆیە بۆیە ڕێژەی میراتی پیاوان دوو ئەوەندەی ژنە بێگومان خودا عەدالەتە ژن لەماڵە مێردی ئەو بەشە وەردەگرێ بۆخۆیەتی تەنیا کەچی پیاوەکەی وەری دەگرێ ئەویش بۆ ژنەکەیەتی کەواتە لێرەدا یەکسان دەبێتەوە ئەمەش بۆ ئام بایەخە دەگەڕێتەوە کە خودای گەورە دایناوە بۆ ژنان .یەکێکی تر لەوشتانەی کە لە ئیسلام بەسەر ئافرەت فەرزکراوە ئەوەیە کەوا حیجاب بکەن (يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَنْ يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا ) ( سورەتی ئەحزاب : 59 ) واتە ئەی پێغەمبەر بە ژنەکانت و کچەکانت و ئافرەتانی ئیماندار بڵێ جل و بەرگەکانیان تا خوار بدەن بەخۆیاندا باڵا پۆشی بکەن ئەم داپۆشیە باشترین شتە نزیکترە تا بتانناسێنێ بە کۆمەڵگا کە ئەمانە داوێن پاکن خودای گەورەش لێبوردەیە. کەواتە خودای گەورە داوامان لێدەکات ژنان خۆیان داپۆشن بەرادەیەک کەژوانیان بشارنەوە لە نامەحرەم نەبنە هۆی فتنەو تاقیکردنەوە بۆ هیچ کەسێک ( خوای گەورە هەروا لە خۆرایی ئەو هێزەی کێشکردنی بە مرۆڤی مێینە نەداوە ، بەڵکو بۆ ئەوە پێیداوە تا لەناو ناز و خۆشەویستی گەشەبکات) (ئیکرام :لا۱۱۵ ) واتا ئیسلام ئەم داوایەی کردووە لەبەرژەوەندی ژن و ژیانێکی خۆش و ئارام پاک بیژێنێ ، تا نەبێتە نێچیر بۆ ڕاوکردن لەلایەن پیاوان هەموومان ئەوە بەباشی دەزانین کە پیاو غەریزی زۆرترە بۆ سەیرکردنیان ئافرەتان بەهۆی بەهۆی داپۆشینی خۆیان ڕزگار دەکەن لە توش بوون بە تانەو توانج گەر سەیربکەین لەدەرەوە لە بازار لەتوش بوون بەتانەو توانج گەر سەیربکەین نابنەوە یان زۆر زۆر ئەم کەم بەبەراورد بەبێ حیجاب کەواتە لەمەش لە شتەباشەکان خودا و ئیسلامیش نایانەوێ ژنان توشی ئاستەنگ و نارەحەتی ببنەوە بۆیە خودا داوا دەکات باڵاپۆش بن.

یەکێکی تر کەو شتانەی لە ئیسلام دراوە بە ئافرەت پیگەیەتی واتا ڕۆڵی وە لە ئیسلام داوا لە پیاوان دەکرێ بەهەموو شێوەیەک باش بن لەگەڵیان دا بۆ نمونە لە ڕۆڵی دایکایەتی لە ئیسلامدا دایک گرنگ و بەیەخێکی زۆری هەیە ( الجنە تحت اقدام الامهات ) حەدیسی سەحیحە واتا بەهەشت لە ژێر پێی دایکە. بۆیە ئەگەر ئافرەت لەلای خواو پێغەمبەر جێی بایەخ نەبن و گرنگ نەبن ئەو بەهەشتەی هەمومان بۆی هەوڵدەدەین نایخاتە ژێر پێیەکانی دایک .

پێغەمبەر(د.خ) لەحەجی ماڵ ئاوایی دەڵێ ( بەشێوەی جوان لەگەڵ ژنان ڕەفتار بکەن ئێوە خاوەن نەفسی ئەوان نین ئامانتی خوان لای ئێوە بەپێی یاسای ئیسلام تێکەڵاویان بۆ ئێوە حەڵاڵ کراون. ئەی خەڵکینە تێبگەن و خۆ بپارێزن ) کەواتە پێغمبەری ( د.خ) نازداریشمان داوامان لێدەکات ئاگاداری ژنان بن جوان ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێ .

جۆستان لوبۆن دەڵێ ( گەورەیی ئیسلام لەوەدایە هیچ لە پلە و پایەی ژنی کەم نەکردۆتەوە بەڵکو کەرامەتی ژنی پاراستووە ) ئەم قسەوباسانەی لەسەر ئیسلام دەکرێ وە بەناوی ئیسلام دەکرێت راست نین ئیسلام دینی کامڵە و جوانیە و پێکەوە ژیانە. لە ئاینی ئیسلام کار ئاسانی لە زۆر شت کراوە بۆ ئافرەتان کە خودای گەورە لەسەر ژنانی لابردووە تەنیا کەوتۆتە سەر پیاوان بەڵام کەسانی دژی ئیسلام ناتوانن قبولی ئەو دینە جوانە بکەن هەڵدەستن بەهەڵەتێگەیاندنی بەخەڵک بەڵام سەرکەوت و نابن بەهۆی ئەوەی خودای گەورە هەموو رێگاکانی لێ گرتوون ، ئەو کار ئاسانیانەی کە بۆ ئافرتان کراوە ئەمانەن :-

١- جمعە و جەماعەت ( ئافرەتان جمعەیان لەسەر نیە بەڵام ئەگەر جومعەیان کرد ، جمعەکەی دروستە و نیوەرۆی لەسەر لادەچێ)(عبدالعزیز هەرتەلی ٢٠١٧ – ل١١٢) واتا خودای گەورە کە جومعەی لەسەر پیاوان فەرزکردووە بەڵام بۆ ئافرەت نا ئەمەش کار ئاسانیە لادانی ئەو بارەیە لەسەری گەر کردیشی بۆی قبوڵە .

٢- مارەیی دان کە ئەمە لە ئیسلامدا لەسەر پیاوانە ژنان هیچ مارەییەک نادەن .

٣- بەرێوەبردنی ماڵ لە رووی دارایی کە ئەمە لە ئیسلامدا لەسەر پیاو واجبە هەر دەبێ بیکات بەڵام ژن لەسەری واجب نیە تەنیا ئەگەر خۆی ویستی ئەوا رێگری نابێ لێ بکرێ کەوا ئەمە لە کۆمەڵگای غەیرە موسڵمانی دەبێ بەناچاری ژنانیش کاربکەن و ماڵ بەرێوە ببەن.

لەکۆتاییدا ئەوەمان بۆ روون بۆوە کەوا ئیسلام بەجوانترین شێوە رێزی لێناون وەک پیاوان بەڵکو زیاتر بێ کەمتر نەبووە لەرووی مافەوە کەسانی کەسیابی بەسەر کەسیان فەرز نەکردووە.

## ٢-٢ پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگا

### ٢-٢-١ پێگەی ئافرەت وەک دایک

دایک سەرچاوەی خۆشەویستی و بایەخدانە بەخشندەیەکی بێ سنووری هەیە بەردی بناغەیدروست خێزانە ئامادەیی هەموو جۆرە قوربانیەکە لەپێناو پەروەردە کردن و بەخێوکردنی منداڵەکەی ، دایکایەتی خاسیەتێکی باڵاو بەرزە بەهەموو شێوەیەک پاریزگاری لە منداڵەکانی دەکات بپ مانەوەی و گەورەکردنیان بەخشندەیی بێ سنووری هەیە بێ ئەوەی چاوەروانی هیچ بەرامبەرێک بکات چەند باسی بەخشندەیی دایک بکەین هێشتا هەرکەمە واتا گەورەیی و سۆز و حەنانی دایک وا بەئاسانی نایەتە گوتن ئەوەی دەگوترێ و باس دەکرێ تەنیا بینراو یان هەستی پێ کراوە جا ئەگەر ئەم هەموو باسە تانیا . هەست پێکردن بێ دەبێ خودی سەرچاوەی ئەم سۆزە چۆن بێ ئەمە تانیا ئەگەر خودی دایک بێ دەزانی و تێدەگەی وەک کورد دەڵێ تەنەبیتە دایک لە دایک تێناگەی ڕۆڵی دایک قوربانی حەز و ویستی خۆیەتی لەپێناو منداڵەکانی و گەورەکردنیان باکی بەخۆی نەداوە بەردەوامە لە قوربانی دان گەر ئەمە قوربانی دان نەبێ چ ناوێکی تری هەیە؟ بێگومان ئەوە دایکایەتییە.

ئافرەت وەک بوونە هەمیشەیەکەی لە ژیان و دانەبرانی لە بوونی خۆی بەهەموو پێگەکانی بینیوە گەورەترین پێگەشی کە خودای گەورە پێی بەخشیوە ( دایک ) وەک هەمومان دەزانین دایک بەخشندەترین دروست کراوی خوای گەورەیە وە میهرەبانترین بونەوەرە لیرەدا دەمانەوێ باسی پێگەی دایک بکەین لەناو کۆمەڵگادا گەر باسی دایک بکەین دەزانین کەوا پیگەی دایک نەک نەوکۆمەڵ نەک وڵات وە نەریت و نەژاد و کلتوور و رەگەز و بەبوونی هەموو جیاوازیەکانی پێگەی دایک لە هەمووان جیاوازتر ئەوەیە کەوا وەک خۆیەتی لە هەموو شوێنێک و کلتوورێک دایک رێز و پیزانینی زۆری هەیە لای هەموو تاکێک جا چ موسڵان وەهەر دینێکی تر یا هەرخورەوشتی مرۆڤ چ مرۆڤی باش یان خراپ لە بەرامبەر دایک . وەک یەکن لەبەر گەورەیی دایک میهرەبانی و سۆز و حەنانی دایک چۆن دادەنێن بێگومان کە باسی دایک دەکەین ئەوەمان دێتەوە خەیاڵ کەوا دایک ئافرەتە جگە ئەو پێگەی هەیەتی زۆر ئەرک و بەرپرسیارەتی تریش لەسەر خێزان و کۆمەڵ ، ئافرەت جگە لە دایکایەتیش هەر لەناو خێزانەکەی خۆی ئەرکی هاوسەری دەبینێ وە بەهەموو ئەو بەرپرسیارەتیەی کە دەبێ جێبەجێ بکات وە کارکردنی لە ماڵ و دەرەی ماڵ و دایکایەتی و هاوسەریەتی و خوشکایەتی و هتد ... بۆیە خودای گەورە لە دروستکردنی ئافرەت زۆرتر و زۆرتر ورد بۆتەوە سەرەرای ئەوەی کەوا هەڵدەستی بە ئەنجامدانی ئەو هەموو کارە هەرناسکی و نازداری و میهرەبانی زیاتر و زیاتر دەبێ . وەگرنگترین و جوانترینی ئەو بەرپرسیاریەتە دایکایەتیە لەلای خواو مرۆڤەکانیش دایک پیرۆز و گەورەیە ، زۆرینەی مرۆڤ شەو رۆژ خواپەرستی دەکەن بۆ ئەوەی خوای گەورە لێیان رازی بێ بەبەهەشتی بەرینیان شادبکات دیارە کەوا بەدەست. هێنانی بەهەشت

کار و کردەوەی زۆری دەوێ بەڵام خودای گەورە بێ دوودڵی ئەو بەهەشتەی بەندەکانی ئاواتە خوازی بەدەستهێنانی دەکەن دەیخاتە ژێر پێیەکانی دایک (( الجنە تحت اقدام الامهات ) ((فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) صحیح بخاری )) لەوە بۆمان دەردەکەوێ کەوا پێگەی دایک چەند گەورە و بەهێزە کەوا خودای گەورە و میهرەبان بەهەشتی خستۆتە ژێر پێیەکانی لە ئاینی ئیسلام دایک گرنگی تایبەتی پێ دراوە لە زۆر ئایەت و فەرموودە جەخت لەسەر باشبوون و میهرەبان بوون دەکات لەگەڵ دایک. لە زۆر گێرانەوە و حەدیس هاتووە کەوا پیاوێک دەچێتە لای پێغەمبەر(د.خ) دەڵێ چی بکەم تا خودای گەورە لێم خۆشبێ پێغەمبەری نازدارمان داوای باش و بەخشندەیی لێ دەکات لەگەڵ دایکی واتا باش و باشبە و بەخشندەیی لەگەڵ دایک پاداشتی لەسەرە لای خوای گەورە و میهرەبان ، ئێمە تاباسی گەورەیی دایک بکەین زیاتر و زیاتر و زۆرتر و زۆرتر دەبێ بە ئاستێک پێنووس توانای نووسینی نامێنێ بیر لەکار دڵ ئۆقرەی نەمێنێ و بەرگە ناگرێ لەباسی دایک.

## ٢-٢ پێگەی ئافرەت لە كۆمەڵگا

### ٢-٢-٢ پێگەی ئافرەت وەک هاوسەر و هاوژین.

یەکێکی تر لە رۆڵەکانی ئافرەت کەوا دەبینێ لە کۆمەڵگا هاوسەرە یان هاوژین وشەی هاوسەر یان هاوژین گەر لێی وردبینەوە لە دوو برگە پێک هاتووە هاو لەگەڵ سەر بەواتای دوو شت یان کەس لەژێر یەک هەڵ و مەرج کۆ ببنەوە ژیان بکەن یان وەک خوای گەورە دەفەرموێ ( وخلقناکم ازواجا) ( قورئان – سورەتی النبیاء الایە ٨ ) ئافرەت لیرەدا هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ئوە ئەرکەی لەسەریەتی خانم بوون و ناسک بوون و جوان بوونی خۆی رادەستی رەگەزی بەرامبەر دەکات بەپێی دین و عادەتی و کلتوور و یاسا.

واتا دووکەس دەبنە تەواوکەری یەکتر بۆ پێکهێنانی ژیانێکی نوێ مانەوەیان لە ژێر یەک چەتر وە لێرەشدا رۆڵی ئافرەت وەک هاوسەر دەست پێدەکات ئافرەت رۆڵێکی باڵا دەبینێ لەو پەیوەندیە لایەنی زۆری بەدەست ئافرەتە کەوا چۆن هەڵسوکەوت دەکات وەچۆن رادێت لەگەڵ بار و دۆخەکە لێرەدا زۆرشت گۆڕانی بەسەر دادێ بۆ ئافرەت لە ژیان کردنی وەک لە پیشو وەک( هاوسەر داریەتی بۆ پیاوەکەی و بیرکردنەوەی ویستی هاوسەرەکەی ، بەخشینی سۆز و خۆشەویستی بۆ هاوسەر و خێزانی هاوسەری ، خۆ گونجاندن لەگەڵ بارودۆخ و ژینگەی ماڵە خەزورانی ، وە ئاگاداری ناسکی و رەفتاری بێ بەرامبەر هاوسەری بتوانی ژیانێکی باش بۆ فەراهەم بکات ) وەک لە کوردەواری وتراوە ( ئافرەتی باش دەتوانێ پیاو بکاتە پیاو وە پیاویش لە پیاوەتی بخات ) مەبەست لەم پەندە کوردیە ئەوەیە کەوا ئافرەت دەتوانێ بەمامەڵەکردنی خۆی هەموو کۆدەکانی پیاو بکاتەوە دەتوانێ بە هەڵس و کەوتی سەربەرزی بکات یان سەری نزم بکات. بێگومان پیاویش رۆڵ دەبینێ بەڵام لایەنی زۆری ئافرەتە و باسەکە باسەکەشمان لەسەر ئافرەتە .

ئافرەت رۆڵی زۆر کاریگەری هەیە وەک هاوسەریکی باش رۆڵ بگێرێ بۆ پیاوەکەی پیاو پێویستی پیویستی بە هاوسەری باش هەیە ژن دەتوانێ ببێتە مایەی سەرکەوتن بۆ پیاوەکەی وەپاڵپشتیکەرێکی باش بۆ پیاوەکەی هەروەک ( خەدیجە ) رەزای خوای لێبێ یەکەم ئافرەت بوو کەوا شوێن پەیامەکەی پێغەمبەرمان ( د.خ) کەوت پاڵپشتی بوو کەواتە ئافرەت وەک هاوسەر ئەرکی زۆری لەسەرە بەجێ بگەیەنێ بێ گوێدانە خۆی ئەرکی ئافرەت جوانە لە هەموو شێوەکانیدا چونکە ئافرەت خۆی جوانە.

## ٢-٢ پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگا

### ٢-٢-٣ پێگەی ئافرەت وەک خوشک.

یەکێکی تر لە پێگە هەرە جوان و بەسۆز و بەبایەخی ئافرەت کە دەیبینێ ئەویش خوشکە واتا گرنگی ئافرەت لە زۆر شتە یەکێکیش لەوشتانە ئەوەیە کەوا لە ژیانی لە هەموو رۆڵیکەوە رۆڵی هەیە هەموو رۆڵەکانیشی گرینگن بۆ ژیان . ئەو رۆڵانە لەهەموو کۆمەڵگای خۆمان زۆر زیاتر و جوانتر و بەهەست و سۆزترن ئەمەش بۆ ئەو تێکەڵی و ئەو پەیوەندیە گەرم و گوڕیەی کوردەواری لەچەندین نەوەی پێش خۆمان وە دوای خۆشمان وە بیگومان خوشکیش ئامادەیی هەیە بۆ هەموو قوربانیدانێک ئامادەیە خۆشی لەخۆی بسەنێ بۆ خۆشی براکانی و خوشکانی تری خوشک لەخۆشی و ناخۆشی لە پێشبراکانی و خوشکەکانی دەویست لە زۆر باردا خوشک ئامادەیە جێگەی دایک بگرێ و پڕبکاتەوە کەواتە بونی خوشک گەورەترین بەخشینی خوایە هەبوونی خوشک هەستی تەنهای و ترس و کەمی خۆشەویستی لەناودەبات ، خوشک ئەو کەسەیە کە دەتوانی هەموو نهێنیەکانی ژیانی لاباس بکەیت و بپاریزێ ، خوشک وا دەکات کە توشی خەمۆکی و قەلەقی نەبن لە بڕیارەکانی ژیانی یارمەتی دەرتە( هەبوونی خوشک واتلیدەکات کەسێکی دڵخۆشتر و گەشبین تربی ) ( بۆردی نووسەرانی ئینسکلۆپیدیای زانیاری ) تویژینەوەیەکی هیندی دەڵێن خوشک پەراسوی جەپە و نیوەی دڵە بەشێکە لە بەهەشتکەواتە لیرەش دا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کەوا ئافرەت زۆر گەورەیە و پیرۆزە لەهەموو رۆڵە جیاجیاکانی کەوا دەیبینێ.

### ٣-٣ پێگەی ئافرەت لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا.

سەرەتا وەک پێشەکیەک بۆ شیعری هاوچەرخ ، یان هاوچەرخ بە گشتی یان نوێ بوونە گۆڕانکاری بەرەو پێش چوون هەنگاونان بۆ بەرزبوونەوە و بەرەو پێش چوون و جیهان بینی و گەشانەوە و کرانەوەی ئەدەب و ژیان بەبەراورد لە رابردوو و کلاسیکیەت لەسەردەمی هاوچەرخ هەموو شتێک گۆڕانی بەسەرداهات و بەرەوپێش چوون مەسەلەی ئافرەتیش بێبەش نەبووە لەو کرانەوەیە بە پشکی خۆی وەرگرتووە وەک هەموومان دەزانین مەسەلەی ئافرەت لەکۆندا وانەبوو ئافرەت تووشی زۆر نەهامەتی و ناخۆشی و ئازار و مەینەتی و یەکەم سەیرکردن و بەژداری نەکردنی لە هیچ پیگەوکارێک بووە لەکۆن ئافرەتیان پێ نەزان بوو پێیان وابوو تەنها ئامێری منداڵ بوون و بەتاڵکردنەوەی شەهوەتی پیاوانە ( پیاوان وایان بیردەکردەوە ژن بەشێکە لەکەل و پەلە تایبەتیەکانی خۆی لەسەریەتی هەمیشە لەگەڵیدا بمێنێتەوە کە مردیش لەگەڵی بسوتێنرێ) [باری کۆمەڵایەتی ئافرەت لەرۆژگاری دێرین – پرشنگی یابانی لا٢١)] واتا دەبێ ژن بەزیندووی بسوتێنرێ تەنها لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەی مردووە ستەمەو تاوانانە دەکران خۆی لەخۆیدا مرنی پیاوێک بۆ ژنەکەی مردنە بە زیندووبوونی سەختی و ناخۆشی زۆر توش دەبێ بەڵام ئیترب ئەو ژیانە بەدەست ئێمەی مرۆڤ نیە کەوتە ئەو کارانەی دەکران هەم دژە دین و هەم دژە مرۆڤایەتی بوە بەڵام خۆش بەختانە لەگەڵ هاتنی سەردەمی هاوچەرخ پێگەی ژن کاری ژیانی مەسولیاتی گۆڕانی بەرچاوی بەخۆی بینی ژنانی کورد لە قۆناغە جیاجیاکانی گەلی کورد کەپیدا تێپەری کردن مۆرکی خۆیان پیشانداوە لە ئازایەتی و چاو نەترسی بەژداری جەنگیان دەکرد ئازایەتی دەردەخست توانایان پیشاندەدا لە ڕاپەڕین . ژن رۆڵی بەرچاوی هەبوو ژنە بەتەمەنەکانمان و منداڵ و نێوجەوان و گەنج گەر چەکیان هەڵدەگرت دژ بە داگیرکەر دەجەنگان بە چەک و تفەنگیش نەبووایە بە یارمەتیدانیان و حەشاردانی پیشمەرگاکانمان و ناندانیان بە چاونەترسیان رۆڵیان هەبوو لە شەڕ و شۆڕی راپەڕینەکان چاونەترسیان وای دەکرد دوژمن بترسێ کەوا ئافرەتێک ئاوایە دەبێ پیاوەکانیان چۆن بێ بۆیە ژن ئازایەتی خۆی دەرخست ئەمەش هەنگاوێکی باش بوو.

ئافرەتی شاعیر پەیدا بوو ژن توانی ئەو هەست و سۆزەی هەیبوو ئەو توانایەی هەی بوو توانی دەری ببڕێ بە ئازایانە بەسەربەرزی بەپاکی و بە جوانی و بە پڕهەستی و بە پڕتوانا و پرمانا لە شیعرەکانی ڕەنگ بداتەوە ئەمەش بەرەو پێش چوونێکی باش بوو بۆ ئافرەت بووە دەرفەتێک تا بتوانرێ ئافرەت لەو کۆت و بەندە دەربێ کەبۆی کرابوو . لە پیشوو شاعیران لە شیعرەکانیان تەنیا باسی جوانی ئافرەتیان دەکرد بۆ مەرامی پیاوانەی خۆیان یان بۆ خۆشەویستەکانیان بەڵام لە هاوچەرخ باسی شیعرەکانیان ئازایەتی ئافرەت دەکرا بە نمونەی پاڵەوانیەتی شاعیران لە شیعرەکانیان داوایان لە ئافرەت دەکرد ئازادبن ئافرەتان خۆیان لە کۆت و بەند دەربێنن تێکۆشن بەشیعری

( هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە سەرپۆش فرێدە کەی وادەی شەرمە ) [فایەق بێکەس] لێرەدا گەر ئەم شیعرە بە ئەقلی فراوان وەرگرین شاعیر مەبەستی لە لەچک نیە مەبەستی لەو کۆت و بەندەیە کە بۆ ئافرەت دانرابوو داوادەکات واز لە دابوو نەریت بێنن واز لە شەرمی زوڵم بێنن و داوای مافی خۆمان بکەین . یەکێکی تر لەو شتانە و بوارانەی بۆ ژن رەخسا ئەوەبوو کەوا دەیانویست بەژداری پرسە سیاسیەکان بکەن بەڵام ئەم پرسە هێشتا کەم و کوڕی بەرچاوی هەیە ( ژن لە پرۆژەی بەشداری کردنی سیاسەت کەم و کوڕیەکەی بەرچاوە و تا ئێستاش جێگای بایەخێکی زۆرنیە لە ئەجێندای حیزبە سیاسیەکان حکومەت تەنانەت ئۆپۆسزیۆنیش و لەسەر ئاستی جیهان کە ئەمەش هۆکارەکەی واقعی کۆمەڵایەتی باوە بەسەر کۆمەڵگادا هەروەها خۆی کلتووری زالبونی تێڕوانینی بەکەمگرتنی ژنانەوەیە)[پرسی ژن لەچەند دەقێکی وەرگێراودا لا١٣] ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کەوا ئەم شتە تەنیا لەناو کوردا نیە بەڵکو لە جیهاندا بەر بڵاوە بەژداری کردنی ژنان لە پرسە سیاسیەکان تەنیا بۆ دەستەبەرکردن و بەهێزکردنی بونی ژنانە لە پرۆسەی سیاسی لە کۆمەڵگادا . هەروەها دەرخستنی رۆڵیان لە کۆمەڵگادا ( سەرەرای ئەوەش بوونی یاسا هاوچەرخەکان کە دانیان بە مافە بنەرەتیە رەواکان بۆ ژنان و فەراهەم کردنی ئازادی و یەکسانی)[ پرسی ژن لەچەند دەقێکی وەرگێراودا لا١٣] بەڵام ئێستا بوونی ژنان لە پرۆسە سیاسیەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە زیادبوون دایە بەڵام هەندێ شار و ناوچە بەهۆی هەندێ پێگەی دین و کەلتور کەمترە ئەوێ شوێنی تێبینی کردنە لە واقیعی ژنانی کوردستان ئەوە دەبینین هەنگاوی بەرچاویان ناوە ژنان پێگەی بەژداری کردنی ژنان لە ئاستێکی زۆرباش دایە ئەمەش وەک دەستکەوتێکە بۆ ژنان نە تایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٩١ واتا دوای راپەڕین ژنانی کوردستان کاراتر و چالاکتر لە ناوەندە جیاجیاکان رۆڵی بەرچاویان هەبووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ( ژنان لە کوردستاندا بە بەراورد لەگەڵ چەندان وڵاتانی دنیادا هەنگاوی بە کردەوەیی ناوە لە ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی)[ پرسی ژن لەچەند دەقێکی وەرگێراودا لا٢٢] واتا ژنان ماندووبونەکانیان بەهەدەر نەچوو توانیان شوێنی خۆیان نیشان بدەن لە کۆمەڵگادا ئەمەش مایەی خۆشحالیە .

- یەکێکی تر لەو دەستکەوتانەی ژن بەدەستی هێنا رۆڵی بوو لەناو کۆمەڵدا رۆڵ چیە؟ د. نادیە جەلالەدین پیناسەی رۆڵ دەکات دەڵێ ( رۆڵ کۆمەڵێک سیفات و پێشینیە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەستە بە پێگەیەکی دیاریکراو )[ پرسی ژن لەچەند دەقێکی وەرگێراودا لا١٣] کەوتە رۆڵ واتا نیشاندانی کەسایەتی زەنگی هەبوونی شتێک یان پیشاندانی هەبوون وە ژنانیش هەڵسان بە نیشاندانی ئەو رۆڵەی هەیانە لە ژیان لە کۆمەڵگا لە خێزان بەهەموو رۆڵە گرنگیەکانیانەوە کە لە خێزان پێگە و رۆڵی تایبەتیان هەیەوەک ( دایک – خوشک – هاوسەر ) کەهەریەکیان جوانی و تایبەتی هەیە و هەبوونی پیویستی ژیانن وەلە کۆمەڵگاش بەهەمان شێوە وە لە ژیانیش ژیان پیویستی بە ژن هەیە لەبەر ئەوەی رەنگاورەنگی ژیان ژنە وە زۆربوون و وەچەخستنەوە پیویستی بە ژنە. وە ژن توانیان رۆڵی ئابوریش ببینن لە ماڵ و دەرەوەی ماڵ بە ئامانجی تێرکردنی پێداویستی خێزان هەوڵی بەردەوامی

داوه ژن بۆ پڕکردنەوە و پیداویستی خیزان شان بەشانی پیاو کاری کردووە بۆ پڕکردنەوەی باری دارایی ماڵ و هاوسەر و منداڵی جا نمونەی ئافرەتی زۆرمان هەیە کەبەتەنیا کاری کردووە و مناڵەکانی گەورە کردووە ئەمانە بەرزترین نمونەی ئافرەتن کەوابێ ئەوەی چاو لەدەست و کاری خراپ و نەشیاو ئەنجامبدەن کاری حەڵاڵیان کردووە بۆ بژێوی منداڵ و ژیانیان.

وەهەروەها گۆرانی بیژی ئافرەت و ئەکتەری ئافرەت لەوسەردەمە هاتنە پێشەوە واتا ژنان کاریان لەسەر حەز و ئارەزووی خۆیان کرد هەولیان دا بۆ گەشتن بە ئامانجیان نمونەی گۆرانی بێژی ئافرەتی زۆرمان هەیە کە بەتوانا و دەنگ خۆش و کاری جوانیان ۆیشکەش دەکرد بەهەمان شێوە سەبارەت بە ئەکتەریش زۆر ئەکتەری بەهرەدار درووست بوون کە لەکۆن ئافرەت نەدەبوایە بەشداری بکردایە.

لە شانۆ پیاوان رۆڵی ئافرەتیان دەگێرا بەڵام بە خۆشعالیەوە لەسەردەمی هاوچەرخ بوار بۆ ئافرەت رەخسا بۆ بەشداری کردنی و وەتێدا سەرکەوت و بوون.

یەکیکی تر لە فاکتەرە هەرە گرنگەکان کەرووی دا ئەوە بوو کەوا کچان توانیان و ریگایان پێدا بخوێنن کە ئەمە ئەو حەز و ئارەزوو خولیایەیە بوو کە ئافرەت دەیویست بەدەستی بێنێ چونکە لەسەردەمی کۆن وە بەتایبەتی کوردەواری ریگایان بە کچەکانیان نەدادا بخوێنن یان بەردەوام بن لە خوێندن گەر ریگاشیان دابایە هەر زوو دەریان دەهێنا رتیگایان نەدەدا بچنە کۆلێژ و پەیمانگەکان ئەم دیاردەیە بەرێژەیەکی زۆر لە گوند و ناحیەکان هەبوو لە شاریش هەبوو بەڵام بە پلەی کەمتر بوو ئەوەتا ئێستا وای لێهاتووە خوێندنی ئافرەتان بە گرنگتریش دادنرێ . کچەکانمان بە شێوەیەکی زۆر باش دەخوێنندرێژە بە خوێندنیان دەدەن ئەمەش جێگای خۆشحاڵی و خۆش بەختیە بۆ ئافرەتی کورد لە کۆتایدا ئەوەی ئافرەتان دەیانویست گەر هەمووشی نەبێ بەشێکی باشیان بەدەست هێنا توانیان هەموو ئەو کارانە ئەنجامبدەن کەوا دەگوترا بۆ ژن نابێ ژن ناتوانێ ژن نازانێ و نەزانن ئەوسەرکەوتنانەی ژن وەڵامێکبوو بۆیان و پوچەڵکردنەوەی بیر و باوەڕیان بوو. ئەوەی گرنگە چ ئافرەت بێ یان پیاو یان هەرشتێک باشبن لەگەڵ یەک رێز لێک بگرین و بە پاکبین لەگەڵ یەک ئەوەی دامانەوێ بیکەین با رێگر نەبن لەگەڵ یەکتر بەڵکو یارمەتی یەک بدەین گرنگی هەرکارێک دەی کەین بۆ پێشخستنی خۆمان و وڵات و کۆمەڵگا بیکەین و لە سنووری خودای گەورەش دەرنەچین.

### ١-٣ پێگەی ئافرەت لە ڕوانگەی قوبادی جەلیزادە.

پیگەی ژن لە دیدی قوبادی جەلیزادە. شاعیر و دادوەر قوبادی جەلی زادە لە شاری کۆیە لە دایک ی‌وە قۆناگی سەرەتای و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە و بۆ خوێندنی کۆلێژ دەچێتە بەگداد ، لە ١٩٨٨ دەست بە نووسین دەکات جەلیزادە سەبارەت بە نوسین و تێکەڵ بوونی لە بواری ئەدەبدا و هەمیشە وەک دادوەر بوونی ئەم دووکارەی پیکەوە وتوە چۆن دەتوانی شاحیر بیت و دادپەروەربی ئەوە کارێکی قورسە . جەلیزادە جگە لە نوسینە هەمەچەشنەکانی بە شاعیری ئیرۆتیک ناسراوە سەبارەت بەم بۆچوونە جەلیزادە وتی : من شیعرم بۆ جوانیە سروشتە بۆ ژنە، ژن وەک هەمووشتێک نەک جەستە ژن وەک گەریلا ، وەک پزیشک ، وەک دایک ، ......

وەک هەرشتێک بوونی هەبێت . جەلیزادە لە روانگەی کلتووری کوردی تەمەشای بەهای ژن دەکات ، بەڵام لە ئێستادا بەها بۆتە هەڵبژاردەی دەستی مرۆڤ خۆیان دەتوانن بەهای ( تازە دروست بکەن و ببەخشن )(مەولود :٢٠١١:ل١٩) کەواتە جەلیزادە دەیەوێت بەهای تازە بەبونی ژن ببەخشی لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کەوا قوباد دەیەوێ لەدەرەوەی تێروانینی کۆمەڵگادا سەیری ژن بکات وە تێڕوانینی تایبەت بەخۆی هەیە وەلە شیعرەکانی دا ئەو بەهایە تایبەتە دەردەکەوێ ( ئەوەی شاعیرێکی وەک قوباد لەکەسێکی ئاسایی جیادەکاتەوە تێروانینی پڕ بەهایانەی شاعیرە بۆ پیگەی ژن و جوانی و ژیان) )(مەولود :٢٠١١:ل٩٢) نمونەی شیعری جەلیزادە

(رۆژگارێکە باوەش دەکەین بە یەکترا

کەچی وەک ئاو و چەوری

تێکەڵنابین

دەبێ بە شوینی موستەحیلێکا بگەڕێین

یا من بکات بە چەوری

یا تۆ بکات بە ئاو!)

لیرەدا دەبینین بەهای ژن لەلای شاعیر دەگاتە ئاستێک کەوا هەست بکات لە رەگەز و توخمێکی جیاواز دروست بووە ناتوانیت تێکەڵی بێت تێکەڵبوونیش لێرەدا مانایەکی مەجازی هەیە کە لەلای شاعیر بریتیە لە توانەوە لە نێو رۆحی ژندا ئەمەش وەک خۆی ئامادەی بۆ دەکات (موستەحیلێکە) کەواتە لێرەوە کە شاعیر چەند مەبەستێکی بەهای تایبەت تا ڕادەیەک پیرۆز بە ژن ببەخشێت لە میانەی ئەوەشدا بێگومان بۆخۆشی دەبێتە بەشێک لەو بەهایە وەک کارەکەتەرەکەی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ ژندا دەکات) )(مەولود :٢٠١١:لا٩٢) لێرەوە دەزانین کە جەلیزادە ناهاتووە وەک شاعیرانی تر باسی جەستەو قسەی لاوەکی بکات بۆ وەسفی ژن جیاواز تێڕوانینی هەبوو باسکردنیشی جیاوازبوو بەهای تێر داناوە.

( پراوپڕم لە ژن

پراوپڕم لە عیشق

بەیانیان ژن بەریژنەی یەک ماچ

لەقەوم راست دەکاتەوە

بە پەنجەی ژن لەشم چەوردەبێ بە ختووکە

سبەینان بە هەناسەی گەرم و گوری ژن

پرچم وشک دەکەمەوە

لە قەیماغی ئومێد

ژن بۆیمباغم بۆ گرێ دەدات

ژن جانتاکەم بۆ پڕدەکات لە دۆسیەی عیشق و دەمداتە دەست قەدەر

ژن رۆڵی دادوەریم دەکاتە بەر

ژن مەصعەفێک دەخاتە سەر مێزەکەم و

مەحکەمە پڕدەکات

لە بخووری ئیمان

ژن تەرازووی عەدالەتم بۆ ڕادەگرێ

لەم شیعرەدا بەهای ژن دەگاتە لوتکە ژن هەموو ژیانی شاعیر دادەپۆشێت بەرادەیەک شاعیر دەگاتە ئەو بڕوایەی پڕبووە لە ژن ئەوەش مانایەکی مەجازیە بۆ ئاوێتە بوونێکی رۆحییانە لە تێر و جیهانی ژندا چونکە هەمووشتێک لە نیو ژیانی شاعیردا بەشکراوە بەشێک بۆ ژن بەشێکی بۆخۆی بە جۆرێک ژن بۆتە باڵاترین بەهای ژیانی شاعیر) )[(مەولود :٢٠١١:ل١٠٢)] لەم شیعرەدا بۆمان دەردەکەوێ رۆحی شاعیر بەتەواوەتی چۆتە لای ژن بەهەموو جۆرێک خەیالی ژیان کردنی لەگەڵ ژن رازاندۆتەوە و جوان نیشانی دەدات بەشێکی باسی خۆشی لەگەڵ بەسەربردنی بەشێکی تری باسی گرینگی پێدانی ژن و پرکردنەوەی کارەکانی وە بەرێ کردنی لەماڵ بۆ کار کەواتە لایەنی جوانی ژیان نیشان دەدات لەگەڵ ژن وەک هەموومان دەزانین خۆشەویستی دوو جۆرە (بەپێی پۆلێنکردنی کلاسیکی خۆشەویستی کە پەیوەندی بەجەستەوە هەیە خۆشەویستیەکەش پەیوەندی بە روحەوە هەیە) )[(مەولود :٢٠١١:ل١٠٨)] مرۆڤ دایەم حەز بە بیستنی غەزەل دەکات چونکە غەزەل خۆی پڕە لە هەست و نەست غەزەل خۆی هونەرێکی مەزنە وە ئەوەی وای کردووە جەلیزادە لەو شاعیرانە جیاکردۆتەوە ئەو غەزەلانەیە کە بۆ خۆشەویستەکەی نوسیویەتی وەک هاموومان دەزانین هەست و دەربڕین و ئەزموون و وەک هەموومان دەزانین هەست و دەربڕین و ئەزموون و کۆمەڵگا یەکێک جیاوازە لەگەڵ یەکێکی تر بەبەش هی کەس وەک قوباد نیە ئەزمونی خۆیەتی و گوزارشت لەو جوانیە دەکات کە دەیبینێ .

( وەهەروەها جەلیزادە لە میانەی وشە و نووسین و شیعرەوە دەرگای ئازادی بە رووی ژندا بکەنەوە) )[(مەولود :٢٠١١:ل١٣٩)] کەواتە جەلیزادە بەراستی لە پێناو ئازادی و فەراهەمی مافی ژن هەوڵدەدات بۆ بەش بە شاعیرانی دڵخوازی ئافرەت ناسراوە ، چەندین بەرهەمی جوانی نوسیوە بۆ ئازادی ئافرەت . نمونەی شیعری جەلیزادە : لە شیعری ( ژنە ئەڤیندارەکانی قەندیل بەشێکن لە جەستەی فودا) دەڵێت.

ژنە شاعیرەکانی قەندیل

ژیلەمۆی ژێر کەوییە بەفرن

دڵی ئەو رووبارانە دەدەنەوە

کە زریان خوێنی کردوون بە شەختە

کاتی ڕەوە ڕەوە

لە نێو ئەشکەوتی خەباتدا، دینە دەرێ

کەلە کیوی حەیارنیان دەبن ئەوان لە تێکن لە جەستەی خودا.

لەم شیعرەدا قوباد ژنەکانی قەندیل وەک رەمزی ژنی ئازا و شۆرشگێر دەخاتە روو کە بەهێزی دەست و مەچەک خۆیان ئازادی خۆیان بە دەستی خۆیان هێنا کە لەشاخ و ئەشکەوت بە ئازادی دەژین ئەو ژنانەی کە لە پێناو ئازادی خۆیان و کۆمەڵگا دەجەنگان) (مەولود :٢٠١١:لا١٤١) قوباد ئەوەندە سەرسامە بە ئازایەتی و شکۆداری ژنانی قەندیل بۆیە بە لەتێک لە خودا دەیانبینێت لە ئازایەتی و شکۆداری.

### ٢-٣ پێگەی ئافرەت لەلای شێرکۆ بێکەس

شێرکۆ بێکەس یەکێکە لە دامەزرێنەرانی سەردەمی شیعری نوێی کوردی و هونەری کوردی واتا هاوچەرخی کوردی، کوری شاعیری ناودار شێرکۆ بێکەسە لە ١٩٤٠ لە دایک بووە لە ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ کۆمەڵێک لە شاعیرانی بەناوبانگ هەڵسان بەئەنجامدانی ئەو گۆڕانە گەورەیی شیعری نوێی کوردیان بڵاو کردنەوە ، شێرکۆ یەکێکە لەو شاعیرانەی گرنگی و بایەخی زۆری بە باسی ئافرەت داوە، نواندنی ژن لە شیعری ئەم شاعیرە لە چەندین لایەن و رووەوە جێگەی شیکاری و لێکدانەوەیە چونکە شێرکۆ بە درێژایی ژیانی یەکێک بوو لە داکۆکیکاران و بەرگری کەرانی مافی ژنان بەگشتی وێنەی ژن لەبەرهەمەکانیدا رەنگی داوەتەوە و بەردەوامیش لە گۆڕاندابووە واتا بە درێژایی زیاتر لە ٥٥ ساڵ لە بەرهەمهێنانی ئەدەب و داهێنانی زیاتر لە ٤٠ ساڵ بەرهەمی شیعری وێنەی ژنەوە قوڵتر و قولتری کردووە مەسەلەی ژن شێرکۆ لە بەرهەمەکانی باسی هاورێیەتی ژن و زوڵم و ستەمی پیاو دەرهەق بەژن کردووە. لەبەرهەمەکانی ناوی کەسایەتی بەهێز و ژنانی ناوداری جۆراوجۆر هێناون

نموونەی شیعری شێرکۆ لە باسی ئازاری ژن

( ئازار

ئەی ژنی تەنیاو غەمگینم

ئارامیشت وەک قژە خورمایەکەت

درێژ درێژ بکەوە

وەک هەر چواریان دڵ و باوەش

بۆ هەژاریشت بگەرەوە

من ئەزانم چ شەوێکە و

دەرگا لەسەر نائومێدی مەکەرەوە

لەگەڵ فرمێسک هەرگیز نەدوێن

دەبا ئازار بەردی رەنجاو

ئێوەش بەو پێنج گوڵە جوانەی

لەسەر تەوقەسەری ئەروێن! ) (دیوانی شێرکو بێکەس لا٥٧١)

لێرەدا شاعیر شیرکۆ داوا لە ژن دەکات کە دەڵێ تەنیاو غەمگین داوا دەکات کەوا ئارامیان زیادبکەن و درێژبکەن لەگەڵ فرمێسک نەدوێن و گریان زاڵ نەبێ بەسەریان خەم و ناخۆشیەکانیان ولانێن و بیکەنە هۆی کۆڵنەدانیان وازنەهێنان لە ژیان و جوانی خۆیان ، شێرکۆ بەو هەست و سۆزە جوانەی هەیەتی لە شیعر و دەربرینی شاعیرانەی باس لە ئازاری ژن دەکات ئامۆژگاریان پی دەدات کەوا کۆڵ نەدەن و ئەو لەوان تێدەگات.

شێرکۆ بێکەس لە هەموو رۆڵەکانی ژیانی ژن دواوە شیعری بۆ نوسیوە بەرزی نرخاندووە بەبەهادار.

**١-ژن وەک هاوسەر** :- ( نواندنی هاوسەر لە شیعری شێرکۆ بێکەس بە درێژای زەمەن لە هەڵچون و داچوون بووە خاتوو نەسرین کە دەکاتە هاوسەری شێرکۆ دەست پێکی یەکەمین دەفتەری شیعری شێرکۆ بەناوی ( تریفەی هەڵبەست ) بەنوی ئەوەوە دەست پێدەکات بۆ (ن) خۆشەویستم بەهۆی گەڕانەوەی شێرکۆ بۆ جاری دووەم بۆ شۆرش بەرپرسیارەتی دەکەوێتە سەر ژنەکەی دەڵێ ژنی زۆرێک لە ئێمە مانان نەک تەنیا سوود و خیریان لە ئێمەنەدیت بەڵکو هۆکاری رەنج و ئازاریشیان بووین بەڵام سەرەرای ئەوەش هەر لە پشتمان بوونە ئەوان پەیامی ئێمە بە پەیامی خۆیان دەزانن شیرکۆ لە دیوانی ( رەنگالە ) و لە شیعری مامز باسی ژنێک دەکات کە بە ستڵ ئاو لە فورات دێنێ:

لە فوراتەوە دیتەوە چاوم لێیە

بە پەڵە پەڵەی هەتاوی

دارستانی خورمادا

بە لارە لار تێئەپەڕێ

نیوەی لەشی لە سێبەر و نیوەکەی تر

تریشکی لەسەر هەڵئەپەڕێ

بەرێوەیە

لارە لار

لا مامزی ماندوو ئەچی

هەردوو دەستی سەتڵگرتووی

شل ئەبێ بۆ چەند ساتێ

وچان ئەگرێ

ئێستا کە رێک بەرامبەرم

راوەستاوە

ئەڵێ گوڵە هیرۆی سوری

دلۆپ لەروو هەڵپرژاوە

ئەی ژنە دڵ غەمگینەکەم

ئەوینی تۆو ئاوی فورات نەبونایە

هەرگیز ...... هەرگیز

من ئەو شیعرەم بۆ نەئەهات (حسێن محەمەد زادە ٢٠٢٣)

## ٢-ژن وەک هاوڕێ

ئەم وێنەیە یەکێکە لەو وینانەی لە هونەری شیرکۆدا هەیە هاوڕێیەتی لەگەڵ ژنان کە وەک دۆست و هاوڕێ جۆرێک نواندنی تازەیە کە پێشتر نە شاعیر لە ناو کۆمەڵگا باو نەبووە بەڵام شێرکۆ بەدوای دروست کردن و داهێنانی دونیایەکی نوێیە بۆ ژنان وە پەیوەندیەکی باشیشی لەگەڵ ژنان زۆر پێخۆشترە لە پیاوان چونکە ئەوان زۆر میهرەبانن شێرکۆ لە شیعری (خەڵووز) کە بۆ ( نەجیبە ئەحمەد ) نووسیەتی دەڵێ ( پێشکەشە بە ئازەراکانی نەجیبەی خوشک و هاوڕێ)

خەڵووز

لە شەوانی کرێوەدا

دیڕی شیعرم ..... جێی هێشتم و

خۆی کرد بەناو کوورەی دڵی (شاژن ) ێکدا

بانگم لێکرد : نەڕۆی .... نەکەی

گوتی خۆی کەڕ کردا!

کە دەستیان بڕی و دەریان کرد

تاریک و روون ، سەرکز ، زەبوون

گەرایەوە.........

سەرنجم دا ........

بووبووبە کڵۆ خەڵوزێ

بەندم کردوو کە شەو داهات

ئاگرێکم لێکردەوە

نامەیەکی لەسەرما گرمۆڵە بووی

لەقەفەزەوی هەڵاتووی

ئەوینی نەجیبە خانم

لەبەردا گەرم کردەوە!(حسێن محمەد زادە ٢٠٢٣)

### ٣-ژن وەک شۆڕشگێڕ

لەم وێنەیەدا شێرکۆ لە سیمای ژنای شۆڕشگێڕ دەدوێ دەڵێ ئینسانگەلێکم بە ئیرادەی پۆلاینن ڕێنیشاندەر و پێشەنگن نەک تەنیا سەودای ڕزگارکردنی خۆیانن بەڵکو لە بیری ڕزگارکردنی کۆمەڵگاشن و وەرزگاربوون لە داگیر کەر و گەیشتن بە ئازادی شێرکۆ هەر ژنێک لە هەر نەتەوەیەک بە هەڵگری تایبەتمەندی دەزانێ ( شیرکۆ دان بەوە دادەنێ لەناو کورد زۆرە وە شیعری بۆ نوسیوە بۆ نموونە ئەو بۆ لەیلا قاسم لە کوردستان شیعری وتووە

(ناو)

بۆ لەیلا قاسم

گۆمێ شووی کرد بە ئاسۆیەک

لە باوەشی سێیەم وەرزا

لەناو شەبەقی

دەم کەلا کچێکیان بوو

بۆ ناو گەران

هەرچی شاخە کۆبوونەوە

هەرچی باڵندە و درخەتە گلبوونەوە و

بە هەموویان

کچکەیان ناونا : لەیلا: (حسێن محەمەد ٢٠٢٣)

شێرکۆ لەم شیعری تایبەت بەناوی لەیلا دەکات باسی دەکات کە چەندێک گەورەوە و پیرۆز سەیری دەکات تا بەم دەربرینە جوانەی باس و ستایشی لەیلا قاسم کە ژنە شۆرش گێری کوردە دەکات و شانازی پێو دەکات.

### ٤-ژن وەک مرۆڤ:

شێرکۆ کاتێک لە بارەی جوانی یان میهرەبانی یان ئازار و رەنجی ژنان قسەدەکات سنور و شوێن و کات دەبەزێنێت، شێرکۆ یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بە تەواوەتی باسی مافی ژنان و بەرگری لێی دەکات و پەیامی یەکسانی و هاوسانییە دەکات بۆ ژنان ( شێرکۆ لە رۆژی ژندا بەم شێوەیە باسی شکۆی ژن دەکات)

ئەمرۆ رۆژی زیوینی ... سەر و قژ بە پرشنگ و شان و مل بە

پەرەی هەلالەی تۆیە ، ئەی چاوگی بونمان. ژن!

ئەمرۆ رۆژی تەوێل بە بژوێنی

بەیانیانی خۆشەویستی تۆیە ئەی بالای ژیان ... ژن!

هەنووکە وەختی گۆرانیتە.....(حسێن محەمەد ٢٠٢٣)

شێرکۆ هەمیشە بە وتە جوانەکانی باسی لە ئافرەت کردووە و پشتگیری کردووە دڵ خۆشە بەبوونی ئافرەت چونکە دەزانێ بوونی پیاوانیش بەبوونی ژن پەیوەستە شیرکۆ لە سەردەمێک دەژیا کە لەکۆمەڵگای کوردی ژنان کۆسپ و لەمپەر لەبەردەمیاندا زۆر بوو زوڵم و ستەم و نا دادپەروەریش بە ئاشکرا دەکرا شاعیر شێرکۆ هەمیشە لەریگای شیعرەکانیەوە دژی ستەم دەوەستایەوە، ئەگەر هەموو شاعیران یەکێک لە بابەتی شیعریان ژن بێت ئەوا شێرکۆ بە تێروانینی تایبەتی خۆی وێنەیەکی جیاوازی بۆ ژن هەیە کە لە شیعرەکانی رەنگی داوەتەوە تێروانینی بۆ ژن وەک دایک یان هاوسەر نامۆنیە بەڵام وەک هاورێ و دۆست شۆرشگێر جێگای جیاوازیە لەگەڵ شاعیرانی تر کە بەشێوەیەک باسی کردووە کە تووشی زێدەرۆی بووە لە هەموو نمونەیەکی وێنەیەکی زۆر ئەرێنی و درەوشاوە لە ژن دەخاتە روو و پیشان دەدات. شێرکۆ دۆخ و پیگەی ژن وەکو سەرچەشن و نیشاندەری گەشەسەندووی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەبەر چاو دەگرێ وە دەڵێت لەکۆمەڵگایەک ژن ئازاد نەبێ و مافی هەڵبژاردنی نەبێ ئەوا لەو کۆمەڵگایە نە ئازادی هەیە و نە دادپەروەریش هەیە نە کۆمەڵگای مەدەنی هەیە و نە دیموکراسی. شێرکۆ ناو هاتنی منداڵ لەگەڵ باوکی وەک ( شێرکۆ بێکەس) کە خۆی دەکاتە نموونە کە باوکی ناوی بێکەسە بە باوک سالاری ناودەبات هەربۆیە لە یەکێک لە دانیشتنەکانی ( رایدەگەیەنێ کە لەم رۆژە بەملاوە من بە (شێرکۆ شەفیقە ) بانگ بکەن نەک شێرکۆ بێکەس)(حسێن محەمەد ٢٠٢٣)

نمونەی شیعری دژی ستەم و زۆرداری بەرامبەر ژنان

لەم ولاّتەدا عەقلّ قفلّ و

بێ کلیلەی مندا

گەر پیاو

لەم نیشتمانە ریشنەی مندا

گەر پیاو

رەنگ کوێریش بێ و بگاتە نوختەی مزمەعیل

لەناو پێخەفی مەرگیش بێ و

گیانیش بدا

ئەوسایش گۆچانێکی پییە

لە ژن بدا!

**ئەنجام :**

پیگەی ئافرەتی کورد بەهۆی ئەو گۆرانکاریەی میژوویانەی لەسەر گەلی کوردا هاتووە لە گۆڕانکاریدا بووە. ژنان بەردەوام لە هیواو ئامانجی ژیان و خوێندەواری و خۆشەویستی هۆشیار بوونە هەروەها سەرەرای ئەو ناخۆشیانەن وە دەردەسەری ژیانی کۆمەڵگای کوردی ئافرەت شان بە شانی پیاوان زیاتریش دەوری گرنگیان هەبووە لە خۆراگری ماندوو نەناسی و خەبات کردن.

وە نەوستانی ئافرەتی کورد لە گۆشەیەکی ژیان مایەی خۆشحاڵی نەک تەنیا ژنان بەڵکو هەموو گەلی کوردە کەلەپێناو ژیان دەجەنگن وە هۆشیاری ئافرەتی کورد خۆ لە شیعری هاوچەرخیان دەکات بەتایبەتی شیعری شێرکۆ بێکەس و قوبادی جەلیزادە کە ئافرەت لە دیدی ئەوان جیایە و بەهێزی و هەندەری ژیانن وە بایەخ و گرنگیان بە مەسەلەی ژن داوە . ئێمەش ئەوەندەی لە تواناماندابوو خستمانە روو.

**سەرچاوە :**

١- قورئانی پیرۆز

٢- فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ)

٣- پرشنگی بابابی / باری کۆمەڵایەتی ئافرەت لەرۆژگاری دێریدا / چاپی یەکەم / سالی ٢٠٠٥/ کوردستان و سلێمانی .

٤- ژن و بێکەس ( ژن لە جیهان بینی شێرکۆ بێکەسدا )

٥-ریزان سالح مەولود/ پێگەی ژن لە دیدی قوبادی جەلیزادە و نەزاری قوبیانیدا / ٢٠١١/ کۆیە.

٦- د. کەوسەر عەزیز گەلاڵی / ئافرەت و ململانێی لەگەڵ کێشە کۆیلایەتیەکاندا / ٢٠٠٤ / زانکۆی سەلەحەدین .

٧- ئیکرام کەریم / فەلسەفەی باڵاپۆشی / ٢٠١٤/ چاپی یەکەم / چاپخانەی رێ نوێ.

٨- دیوانی شێرکۆ بێکەس/ ١٩٧٤ _ ١٩٨٦ / بەگی دووەم / کوردستان ٢٠٠٦ .

٩- ژن لە جیهان بینی شێرکۆ بێکەس دا/ ٢٠٢٣ / حسێن محەمەد زادە.

١٠- سەروەر کەریم ، لەتیف فاتح ، ئاوات یاسین / روکاری ژن و بەشداری سیاسی / ٢٠٠٦.